## ڤینۆس فایەق و خۆ دەرباز کردن لە دەست خۆشانە .. ژن – کوژان!! ... سوهام

هۆڵەندا

ئێوارەیەک لە پاڵتاک بەرێکەوت خۆم کرد بە ژووری کوردستان یونایتدا، بینم ناوی ڤینوس فایق لە سەرێ یەو قسە ئەکات، وەلەسەری ژوورەکەش بابەتەکە هەر بۆ ئەو بوو لەسەر کێشەی ژن لەکۆمەلگای کوردی و پەرلەمانی کورداستاندا.

بەرێزان: بەلاتانەوە سەیر نەبێت کە من ناتوانم هیچ بڵێم لەسەر کۆڕەکەی ئەو، چونکە من کاتێک چومە ژورێ، ئەو لە کۆتایی بابەتەکەی بوو، وە ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم، بە بینین و بیستنی دەنگی ئەو ناڵێم ووشە بە ووشە، بەڵام بڕواتن بێت تەواوی بۆچونەکانیم بیر کەوتەوە

کە لە رۆژنامەی "پەیام " ژمارە 14 March 99 بە ناوی (کێشەی ژنان و خۆیندنەوەیەکی نوێ) نووسیبوی، وە دواتر لە ژمارە (17، 16، 15) ی مانگی May، July، September ی هەمان رۆژنامە (سوسن سلیم، ئالا فرج، شنە عبدالله- سوید، هەروەها- مێڵح شێخ ئیسلامی "ڕێبوار"

– سوید) رەخنەو روون کردنەوەی خۆیان لێی دابوو، وە دواتر خۆی واتە" ڤینۆس " وەڵامی بە رەخنەکانی سوسن دابۆوە. جا مەسەلەیەک هەیە ئەلێت عوزر لە قەباحەت خراپتر، بەڵام خۆزگە هەر وەڵامی ڕەخنەکانی سەوسەنی نەدایەتەوە، ئەو کات نەمان ئەزانی ئەم ژنە ئەم هەمووە خۆی هیلاک ئەکات بەنوسینەوە، ئەم بۆچوونە نادروست و دژە ژنانییەی هەیە لە بەرانبەر ژناندا لە کاتێکدا کە خۆی ژنە، بەڵام دروست ئەوەی سەلماندوە کە مەسەلەی یەکسانی یان دەرچوون لە عادەت و تەقلیدی کۆنەپەرستانە و ژێر دەستەیی ژنان بە هەموو کەس هەرس ناکرێت، بۆیە بۆم مەبەستە ژن بوون و پیاو بوون دەورێکی نی یە.

بەهەر حاڵ پرسیاری من ئەوە بوو کە، ئایا پاش هەشت ساڵ (91-99) تێپەڕ بوون بەسەر ئەو نوسینەدا، ئایا ئێستا بۆچونت چۆنە لەسەر تیرۆری ژنان، کاری ناو ماڵ، ڕێکخراوبون. ؟؟؟

بەڵام ئەو لە وەڵامدا نیشانی دا، کە پێی وانیە ژنێک یان کەسێک هەبێت شان بدات لە شانی یان قسە لە قسەیا بکات، هەر بۆیە بەشێوەیەکی زۆر چاوەروان نەکرا وو هەڵچوو، وە نا شارستانیانە وەڵامی دایەوە و ئینجاش دووپاتی کردەوە کە، ئێستاش هەمان بۆچونی هەیە، وە سەرسەختریش، وە دیار بوو بۆیە سەرسەختر بوو چونکە مەغرور بوو لەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە ژوورەکەبوون، وە ئەوەشی لەبیر کردبوو کە پێش ئەم پرسیارەی من و کاتی خۆی (سوسن سەلیم، ئالا فەرەج، شنە عبدوڵلا- سوید، هەروەها مێڵح شێخ ئیسلامی" ڕێبوار "- سوید) ئەو هەموو رەخنە و روونکردنەوەیان لێی دابوو، بەڵام بەداخەوە کە دیار بوو زەڕڕەیەک سودی لە رەخنە و ڕونکردنەوەکانی ئەوان وەرنەگرتبوو، لە کاتێکدا کە لە وەڵام بە ڕەخنەیەکی سەوسەن سەلیم دا لە "پەیام" – ژمارە 16 July 99 دەڵێت (جێگەی خۆیەتی سوپاسی خوشکە سەوسەن بکەم کە بەو قورساییەوە هاتۆتە پێشەوە بۆ رەخنەگرتن، من بۆ خۆم سنگم هێندە فراوانە تا ئەو ئەندازەیەی هێشتا خۆم بە قوتابی ئەزانم سود لە هەموو ڕەخنەیەک وەرئەگرم) .

جا منیش لێرەدا بۆیە پاش حەوت ساڵ تێپەڕبون بەسەر ئەم باسەدا بە پێویستی ئەزانم لەسەر چەند گۆشەیەکی بنوسم، چونکە ئەو دوپاتی کردەوە کە سەر سەختترە لەسەر هەمان ڕاوو بۆچونی خۆی.

لە ناونیشانی نوسینەکەید ا بە ناوی (کێشەی ژنان و خوێندنەوەیەکی نوێ) " پەیام " 14- 14 March 99، . سەرەتا ئەگەر کەسێک ناوەرۆکی نوسینەکەی نەخوێندبێتەوە و سەری باسەکەی ببینێت، پێی وایە دەقەیەک زووتر بیخوێنێتەوە درەنگە، چونکە سەری باسەکەی وا نیشان ئەدات کە چارەسەرێکی تازەی پێ بێت بۆ کێشەکانی ژنان. من بۆ ئەو مەبەستەی کە خوێنەران بتوانن تەواوی نوسینەکەی ئەوو ئەو بەرێزانەی ڕەخنەیان لێ گرتوە ببینن زۆر گەڕام لە ماڵپەڕەکان بەڵام بەداخەوە هەمان ڕۆژنامەم نەبینی، بەڵام من هەوڵ ئەدەم قسەکانی خۆی و ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لێ گرتوە بە نمونە بخەمە بەر چاوتان.

لە سەرەتای باسەکەیدا لە " پەیام" ژمارە-14- 14"March "99 ئەڵێت (زۆر دەمێکە مەسەلەی ژنان و مافی بە ناو خوراویان پانتاییەکی یەکجار گەورەو فراوانی لە لاپەراکانی گۆڤار و رۆژنامەکان، لە هەموو کون و قوژبنێکی دنیاداو لەسەر مێزەکانی دانووسان و ڕا گۆرینەوە و لە چوار چێوەی کۆر و سیمنار و کۆبونەوە رۆشنبیریەکان) گرتووە.

بەرێزان بەکارهێنانی ووشەی (بەناو) لە رێزمانی کوردیدا واتە نەفی واتە ئەو شتە کە نیە. باشە ئەگەرمافی ژنان بەناو خوراوە! بۆمان روون بکەوە کە بزانین چی وای کردوە کە تۆ هان بدات لەسەر مەسەلەیەک بنوسیت کە بوونی نیە لە لای تۆ!! لەکاتێکدا کە نەک لە

کوردستانی ئێمە بە ڵکە لە هەموو دنیادا ئەگەر سەر ژمێریکی وورد بکەین لە چرکەیەکدا لەوانەیە هەزاران هەزار بێ مافی و بێ دڵی لەشکڵی جۆراو جۆردا بکرێت بەرانبەر بە ژنان.

ئەگەر مافمان بە ناو خوراوە بۆچی بۆتە مەسەلەی تۆ و جار نا جارێک پەرەیەکی پێ رەش ئەکەیتەوە کە بە قەولی خۆت دیفاعمان لێ ئەکەیت، ئەگەر مەسەلەت ئەوە نیە بەم باسانەت بێیتە ڕیزی ئەو کۆڕو سیمینار و کۆبونەوە ڕۆشنبیریانەی کە خۆت ئەڵێیت پانتاییەکیان داگیر کرودوە. خانم گیان ڕۆشنبیربون بە نوسین نیە، بەڵکە، بە ناوەرۆکی نوسینە، ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەتوانێت پێ بە پێی ئەو بەرە و پێشکەوتن و تازە گەریەکانی هەڵبکات و هەنگاو بنێت. ، بەڵام من تەواوی نوسینەکەتم چەند جارێک خوێندەوەو باش حەوت ساڵیش تێپەڕبوون لێتم پرسییەوە کە ئێستا ڕات چۆنە؟ بەڵام بە داخەوە کە تۆ سەرسەخترو سور تر بوی لەسەر هەمان بۆچونت کە بە بڕوای من و بەپێی نوسینەکەت تۆ دەتەوێت ژن لە کوردستان چۆنەو چۆن ئەژی لێرەش هەر وا بێت وپێمان ڕەوا نابینیت لەم هەموو دەستکەوت و ئازادیەی کە ژنانی ئەوروپی هەیانە بەهرەمەند بین، هەموو دەلیلەکەشت ئەوەیە کە ئەڵێیت (ژنی کورد چەند نمونەی بێت لە ئەوروپا سەری من و تۆو پیاو و کۆمەڵگای کوردی پێ بەرز دەبێتەوە "پەیام" ی ژمارە 16 وەڵامێک بۆ ڕەخنەیەک - ڤینۆس) هەروەها ئەتەوێت لەو عادەت و ڕێ و ڕەسمە کۆنە دەرنەچین کە هەمانە وەک لە "پەیام " ژمارە 14 - 14 March 99 ئەڵێیت (لێرەدا ئەوەی من بە پێویستی ئەزانم بیڵێم ئەوەیە کە ژنی کورد زۆر لەوە زیاترە کە خۆی تێهەڵکێشی ئەو هاوکێشە و بەراورد کردنە بکات، چونکە ئەو نمونە ئەوروپییەی کە هەر ژنێکی کورد خۆی لەگەڵدا بەراورد ئەکات هیچ خاڵێکی لێکچوونیان نیە یان خاڵی بەیەکگەشتنیان نیەو هیچ یاساو پێوانەیەکی یەکگرتوو نیە لەبەر ڕۆشناییدا پرۆسەی ئەو بەراورد کردنە جێبەجێ بکەین، چونکە ژنی کورد بریتیە لە ژنی خاوەن مێرد و دایکی خاوەن منداڵ و پەروەردەکەر و خاوەن کار و پیشە، . ئەوەتا بە کورتی و کوردی بە بیانوی ناوچەگەرێتی کورد بون و ئەوروپی بونەوە نایەوێت ژنان لەم یاسایانە بەهرەمەند بن، بەڵام من و ژنان و کەسانێک کە خوازیاری ئازادین، خوازیارین لەو ئازادی و یاسا مەدەنیە بەهرەمەند بین کە لە هەر کوێیەکی دنیا ڕێمان تێی ئەکەوێت. چونکە پێم وایە ژن هەر ژنە و ئازادیش غەریزەیەکە لە تەبعەتی ئینساندا، هەر وەک چۆن ژنێکی ئەوروپی لە باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە ئەگەریش یەکسان نەبێت، بەڵام حورمەت کەرامەتی ئینسانی وەک ژن پارێزراوە، هەر وەک چۆن ژنی ئەوروپی پلە دو نیە و لە یاساو حساباتی ئینسانی خۆی سەربەخۆیە و ژنێکی ئەوروپی لەسەر مەسەلەی شەرەف و ناموس نەک هەر ناکوژرێت، بەڵکە شتێک نییە بە ناوی شەرەف و ناموسەوە بە ژن پێوانە بکرێت. خوازیار بونی ژنێک یان کچێک بۆ هاتنی بۆ ئەوروپا کە تۆ ناوت ناوە (ژنان لە ئەوروپا بە دەیانی وەک خۆی لەوێوە هەڵدەکەنێت و کەڵکەڵەی ئەوروپا وەکوو ڤایرۆس دەنێرێتەوە بۆیان) پەیام ژمارە 15 (کێشەی ژنان و خوێندنەوەیەکی نوێ-ڤینۆس فایەق) دەلیلی ئەوەیە کە ژنان ئەیانەوێت نەک هەر خۆیان کە لێرەن، بەڵکە ئەم یاسا مەدەنی و ئینسانیە بە گوێی ژنانێکیش بگەیەنن کە هێشتا لێی دورن، ئەمەش مانای خوازیاری بەهرەمەند بونە لێی بە مەسەلەی جیابونەوە یان (گەلاق) یشەوە کە ناوەرۆکی باسەکەی تۆ شینە بۆ لە دەست نەدان و ئەفلیج نەبونی یاسایەی کە تۆ پێت وایە بە لەدەست دانی ژن و پیاو و کۆمەڵگەی کورد رسوا ئەبن، وەک لە سەروتر ئاماژەم بە قسەکەی خۆت کرد.

هەروەها لە گۆشەیەکی تردا ئەڵێت (ژنێک هەڵکەنرێت لەو ناوەندە کۆمەڵایەتیە تا ڕادەیەک سەختە لە باری ئابوری کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە بۆ ناوەندێکی پڕ باق و بریقی دەتوانین بڵێین ساختە، یان ناوەندێک کە لە سەدا سەدی جیاوازە لە ناوەندەکەی خۆی، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە پەڕاندنی چەندین پلە و قۆناغ کە ئەگەر بە چاوی زانستیانەو سایکۆلۆژیانەش سەیری بکەین ئاکامەکەی ئیفلیجبوونی هەموو پێوانە و ئاکامەکانە، چونکە گواستنەوەی کچێک کە تەنیا زیاتر لە قوتابخانەو ماڵەوەو هەندێ جار لەگەڵ دایکیدا بازاڕی نەدیبێت و لە ماوەی یەک هەفتەدا بەبێ ئامادەکردن و خۆسازدانێکی دەرونی وفیکری و ئەخلاقی بە فڕۆکە لە یەکێ لە پایتەختەکانی ئەوروپا دەنیشێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا کودەتایەکە لە ژێر دەستەییەوە بۆ ئازادی، بە بێ ئەوەی مانای ئازادی فێر بوبێت، یان بە لایەنی کەمەوە دوو دێڕی لەسەر خوێندبێتەوە. ئیتر کە دەگاتە ئەوروپا و کارتی تایبەتی ڕاکێشانی پارەی ئەبێت، کە ئەوە هەنگاوی یەکەمە بەلایەوە بەرەو یاخی بون، چونکە لێرەوە لەگەڵ سەربەخۆیێ دارایدا کودەتا دەست پێ ئەکات و ئیتر دەکەوێتە بەراوردکردنێکی بکوژەوە لە نێوان کۆمەڵگای ئەوروپی و کۆمەڵگای کوردەواریدا، چەندە ژنی کورد مافی خوراوە و ژنی ئەوروپی هەموو مافەکانی دەست کەوتووە، چەندە کەسایەتی ژنی ئەوروپی بەهێزەو کەسایەتی ژنی کورد بێ هێزە، چەندە ژن لێرە سەربەستی ڕادەربڕینی هەیەو لە لای خۆمان ژن سەرکوتکراوە ناوێرێت بڵێ لەل!... ئەمە و زۆر بەراوردی تر هەتا وای لێدێت وێنەکە ڕەش دەچێتەوە و پیاوی کورد دەبێتە گورگ و پیاوی ئەوروپی دەبێتە فریشتە و ژنی کورد دەچێت بە قوڕاو ژنی ئەوروپی دەچێتە ئاسمان، هەتا وای لێدێت مەسەلە سەرەکییەکەی نێوان ژن و پیاو بیر دەچێتەوە و دەبێتە دوژمنایەتییەکی نێوان ئێرەو ئەوێ، ئەوێ دەبێتە دۆزەخ و ئێرەش دەبێتە

ئەو بەهەشتەی خەونی پێوە دەبینێت، ئەمە جگە لەوەی بە دەیانی وەکوو خۆی لەوێوە هەڵدەکەنێت و کەڵکەڵەی ئەوروپا وەکوو ڤایرۆس دەنێرێتەوە بۆیان) .

بە کورتی و کوردی لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنانی نەک هەر کورد، بەڵکە هەموو پەنابەر لە باری یاساییەوە لە ئەوروپا یەکسەر ئەم قانونەی کە هەیە ئەیانگرێتەوە، بەڵام " ڤینۆس" بەم نوسینەی شیوەن بۆ ژنانی کورد ئەکات و، ئەڵێت نەکەن لەم دەستکەوتانی ژنی ئەوروپی بەهرەمەند بن چونکە خۆمان لەسەر حسابی گۆشت وو خوێنی خۆمان بەدەستمان نەهێناوە، ئەمەش ئەبێتە پەڕاندنی ئەو پلەو قۆناغەی کە بەم هەموو دەستکەوتانەمان ئەگەیەنێت، وە ئەگەر لەیی بەهرەمەند بین و کاریان پێ بکەین، ئەبێتە هۆی فلیج بوونی هەموو پێوانە و ئاکامەکان، دیارە مەبەستی ئیفلیج بونی ئەوو دابو نەریت و قانوونە دژی ژنانە کۆن و دواکەوتوانەیە کە ژنانی کورد نەک هەر لە کوردستان گیرۆدەین، بەڵکە ئەوەتا، هەتا ڕادەی کوشتنی (وەفا، فادیمە، پیلا، یەبیحە، .... .... .... هتد لە ئەوروپا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها ڕاسەتەوخۆ ئیهانەی ژنان ئەکات بەوەی کە سەعییان نەکردووە و لەباری دەرونی و ئەخلاقییەوە خۆیان ئامادە نەکردوە و بەفرۆکە ئەگەنە پایتەختی ئەوروپا، . لێرەدا " ڤینۆس" هێندە ژنی کورد بە گێل و وێل لە قەڵەم ئەدات تا ئەو ڕادەیەی کە ئینسان پێی وا بێت خۆی کەسێکی گەلێ ووشیارە و لە سادەترین تا قورسترین کرداری" ڤینۆس" بە کتێب بڕوات بە ڕێوە، ئەوە لە بیر ئەکات کە مرۆڤ دروست کەرو و نوسەری کتێبە، نەک کتێب هەڵسوڕێنەری مرۆڤ بێت، چونکە ئازادی و خوازیاری ئازادیبوون نە پێویستی بە سەعی و نە بە خوێندەواری هەیە، جونکە کچانێک یان ژنانێک کە خوازیارن لە باری کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە، هەر لە خۆشەویستی و پێکەوە ژیان و ئەو (جیابونەوەش) کە تۆ بە بڤەی ئەزانیت، وە بەکەم سەیر نەکردن و، ڕێگە نەگرتن لە هاتوو چۆو متمانە پێبوونی سەفەری تەنیاوو کۆنترۆڵ نەکردنوو، بە دڵی خۆ جل لەبەرکردن و بە ڕەوا بینینی ئیش و کاری دەرەوە، .. ئەگەر پرسیاری هەر یەکێ لەمانە لە ژنانێک بکەیت کە بۆ یەک ڕۆژیش بە هەر دەلیلێک بێت لە قوتابخانە دانەنیشتووە، بە بێ گومان خوازیاریەتی، بۆیە ئەمانە نە پێویستی بە خوێندەواری و نەبە سەعیش هەیە، چونکە ئەمانە سیفەتێکی سروشتین لە بونی ئینساندا، نەک کاری ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و ڕازی کردنی دڵی مێرد، کە تۆ بە ناوەرۆکی ئەرکە سروشتیەکانی سەرشانی ژنانی ئەزانیت.

کەوابێ پەدابونی هەر وەسائیلێکی تازە کە کارەکانی ناو ماڵ ئاسانتر دەکات" وەک جل شۆرگەو قاپ شۆرگە و گسکی کارەبایی و.... .... .... . هتد ئەگەر بە قەولی ڤینۆس بێت ئەم شتومەکانە نەوەرۆکی ئەرکە سروشتیەکانی سەر شانی ئێمەی ژنان داگیر ئەکەن یان ئەیسەننەوە!! ئەی هاوار لەو ڕۆژ ڕەشیەی کە بە قەولی" ڤینۆس" ئێمەی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ لە سایەی پێشکەوتنی دنیادا لێمان ئەسەنرێتەوە.

لە هەمووشی سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە کە، ڤینۆس" خۆی چەند ساڵێکە لە ژێر سایەی ئەم باق و بریقەدا، هەر هیچ نەبێت لە ژێر سایە و بریقەی ئەمنیەت و کار (ئەگەر نا، بیمەی بێکاری) و دایەنگا بۆ منداڵەکەی و ئاسانترین تا قورسترین وەسائیلی ژیان، قانونێکی مەدەنیانە، ئازادی ئینسان لە باری سیاسی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی بەهرەمەند بیت و کەچی هێشتاش بە ساختە ناوی بەریت و سەرزەنشتی بکەیت،

دەی ئەگەر سوریت لەسەر سەرزەنشتکردن و بە ساختە ناو بردنی ئەوروپا، زەحمەت ببینە بۆمان ڕوون بکەوە کە چەند ساڵێکە چی ئەکەیت لەم ساختەچی خانەیە!؟، یان چۆن چاوت هەڵدێت لەبەر ڕۆشنای ئەم بریق و باقەدا!! مەسەلە چیە بە خۆتی ڕەوا ئەبینیت لەم باق و بریق و بەهەشتە یا بژیت، بەڵام بۆ ژنان ئەوها بە نەفام و گێڵ و نەخوێندەوار وو نارۆشنیان ناو ئەبەیت!! بەڕاستی بۆچونەکانت کۆڵەکەیەکی باش باشن بۆ کۆنەپەرستی و، شایەنی پێشوازین لێت.

هەروەها لە وەڵام بە ڕەخنەیەکی" سەوسەن سەلیم" (پەیام-ژمارە 16- July16 99) ئەڵێت ((ئەوجا باس لەو کچانە ئەکات کە لە ماڵەوە و قوتابخانە و هەندێ جار چونەدەرەوە لەگەڵ دایکیدا زیاتری نەدیبێت گوایا مافی خوراوەو ژێردەستی باوک و براو کۆمەڵگایە، ئەوە بۆچی بەحورمەتی ئافرەتی کورد ئەگەر خۆی نەفام بێت، دەبێت ژێردەستەیی بێت؟ ئەوجا من دیسانەوە لەو خوشکە دەپرسم: چاوەڕێی چی لە یەکێک لەو کچانە دەکەیت کە زۆربەیان تەمەنیان لە ژێر هەژدە ساڵەوە بووەو بەبێ هیچ خۆسازدانێکی دەروونی و ڕۆشنبیری لە ماوەی هەفتەیەکدا لە یەکێک لە پایتەختە گەورە ئەوروپییەکاندا خۆی دەبینێتەوە؟ چونکە بتەوێت و نەتەوێت هەردوو ناوەندی کوردی و یەوروپی هێندە لەیەک جیاوازن بە ئەندازەیەک کە نە گەنجێکی واو نە هەرکەسێکی تر کە ڕوی تێ ئەکات، ئەگەر نەزانێت بەرەو چی مل دەنێت کوێرانە بڕوات لە ئاکامی ((مەسەلەیەکی گەورەی ڕاسەتەقینەوە)) نەهاتبێتە دەرێ دووچاری کودەتایەکی سەراپاگیری دەبێت، وابزانم نمونەشمان زۆرە وەکو ئەو خێزانانەی تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوروپا بو بە مۆدە ماڵیان ماڵیان بۆ فرۆشت و ڕوویان تێ کرد، ئەدی چاوەڕوانی چیت لەو ژنانەی کە هەموو تەمەنی کتێبێکی نەخوێندۆتەوە و بە دەگمەن بە دیار هەواڵەکانی

تەلەفزیۆنیشەوە دانەنیشتوە و دێتە ئەوروپا و هەموو پێوانەکانی لا ون دەبێت)) .. تۆیەک کە بە حورمەتی کچ یان ژن بە نەچوونە دەرەوە یان بە نەفام لە قەڵەم بدەیت، کەواتە ئەم بۆچونەت چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ بۆچونی ئەسلامیەکان کە حورمەت و شەخسیەتی کچان و ژنان بە لەش و لارو ناوگەڵیان پێناسە ئەکەن؟؟!! جا ئەگەر وانیە، تکایە بۆمان ڕون بکەوە با بزانین بۆچونی تۆ ئێستا لەسەر حورمەت و شەخسیەتی ژنا ن؟، وە ئەوە کە چەند جارێک ئەڵێیت (ژنان ئەبێت لە باری ئەخلاقیەوە ئامادەبن کە دێنە ئەوروپا، ئەم ئەخلاقەشمان هەر بۆ ڕوون بکەوە کە بۆچوونی تۆ چیە لەسەر ئەخلاق؟ واتە مەبەستت لە ئەخلاق چیە؟ چۆن چۆنی بن ژنان لە ئەوروپا لە باری ئەخلاقی یەوە؟؟؟!!! بە ڕاستی سەیر ئەمەیە کە کەسێک خۆی بە نوسەر و خوێنەر بزانێت!! و چەند ساڵێک بێت دانیشتووی ئەوروپا بیت و نەزانێت کە پیاوی پەنابەر ناتوانیت کچێک بێنێت لە کوردستانەوە کە لە خوار هەژدە ساڵیەوە بێت لە باری یاساییەوە!!

دواتر تۆیەک کە لە ئاکامی ((مەسەلەیەکی گەورەی ڕاستەڤینەوە)) ! لە ژێر دەسەڵاتی هەم مامت و هەم باوکت هەڵاتبیت، ئەدی خەڵکی کوردی قوڕ بەسەر کە مامت نە مامی بێت و نە بابی بێت چۆن هەڵنایەت؟!

تۆیەک کە لە ماوەی هەشت ساڵدا (91- 99) هەڵاتنی خەڵکی کورد بە هەموو دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی حیزبە دەسەلاتدارەکانیشەوە لە دەست (بێکاری، نەبوونی، دڵەڕاوکێ لە دەست میلیشیای چەکداری، تیرۆر و تۆقاندن، نەبوونی ئازادی سیاسی و فەردی و مەدەنی و، شەڕی ناوخۆی نێوان بابت و کاکت، نەبونی سەرەتایی ترین وەسائیلی ژیان لە ئاو و کارەباو و.... .... .. هتد، هەموو ئەمانە نابینیت و هەستی پێ ناکەیت، کە خەڵکی کورد لە بەری هەڵاتوون و مەیدانیان چۆڵ کرد، (بە ئێستاشەوە کە خەڵکی هەر لە تەگبیری هەڵاتنن) بە بڕینی چەندین وولات لەسەر حسابی ماڵی و گیانی خۆیان لە پێناو ژیانێکی باشترو ئامنتر بە" مۆدێل" لە قەڵەم ئەدەیت!!! ئەدی" 28 " لاوەکەی کە جمهوری ئەسلامی بە قەمە گیانیانی هەنجن هەنجن کردن لە مانگی 11ی 96 و تەسلیمی حیزبەکەی مامتیان کردەوە و ئەوانیش، لە ترسی شەپۆلی ناڕەزایەتی کەس و کاری قوربانیان بە شەوی تاریک مەتەکانی شاردنەوە، نەکا لە حەیبەتی ئەم لاشە بێ لەزەت کراوانە جڕو جەنجاڵیان پێ بپێچنەوە، ئەمانش هەر شوێن " مۆدێل" کەوتن؟؟!!

بەڕاستی تەواوی نوسینەکەت لە مەخسەرەی خۆت کە بە خەڵکی کورد بە ژن و پیاو کردوتە زیاتر شتێکی تر نییە. ، وە ئەگەر بتەوێت پەڕەیەکی بێگەرد و سپی بۆ خۆت تۆمار بکەیت لەمە بەدوا ئەبێت داوای لێبوردن لە هەموو خەڵکی کورد بە ژن و پیاوەوە بکەیت، بە تایبەت کەسووکاری ئەو" 28 " لاوە کە شوێن ئەو مۆدێلە کەوتن کە بۆتم ڕون کردەوە.

ئەبێت داوای لێبوردن لە هەموو ئەو خێزانانە بکەیت کە لە پێناو ژیانێکی باشترو ئامنتر تا ئێستا یانیش بۆ یەکجاری لێک دابڕان، ئەبێت داوای لێبوردن لە هەموو ئەو باوکانە بکەیت کە لەزەتیان لە منداڵی منداڵەکانیان نەکرد و بە جێیان هێشتن، ئەبێت داوای لێبوردن لە هەموو ئەو گەنجانە بکەیت کە خۆشترین کاتی ژیانییان کە دەستگیرانی بوو لەگەڵ خۆشەویستەکەیان نەدی، ئەبێت داوای لێبوردن لە هەموو ئەو ژنانە بکەیت کە شەوانە بە تەنیا سەریان نایە سەر سەرین و بەرگی سەرینەکانیان لە غەموو دوری مێردەکانیان بە فرمێسک تەڕوو بڕ بوو، ئەبێت داوای لێبوردن لە هەموو پیرە دایک و باوکان بکەیت کە مەغدوور بون لەوەی کە نەیان توانی بەهرەمەند بن لە ژیانێکی باشتر.

لە پرسیارێکی تردا هەر لە ڕێگەی پاڵتاڵکەوە لێم پرسی کە ئێستا و پاش هەشت ساڵ بەسەر ئەو وەڵامەدا کە بە" سەوسەن سەلیم" ت داوەتەوە، (پەیام- ژمارە-16- 16 July 99 –) وتوتە (لەهەموشی گرنگتر خوشکە" سەوسەن" دێتە سەر باسی ئەو ژنانەی کە دەکوژران، جارێ ئەو ژنانە ژمارەیان لە هەزار تێپەڕی نەکرد، ئەوجا کە کوژران{ (هەندێکیان ناڵێم هەموویان)) ئەو چارەنوسەیان پێ ڕەوا دەبینرا دەنا من و تۆ و هەزارانی تر بۆ نەکوژراین) .

بەڵام ڤینۆس لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا و بە ئامادەبوونی خەڵکانێک کە لە ژوری کوردستان یونایتد بوون، ووتی (من ئێستاش هەمان ڕام هەیە، و مەبەستم لەو ژنانە بوە کە پێشمەرگەیان داوە بە گرتن، واتە مەبەستی مەسەلەی مخابەراتی بووە، !! بەڵام " ڤینۆس" لەگەڵ" سوسەن" بە هیچ شێوەیەک باس لە مەسەلەی مخابەراتی و جاسوسی ژنان ناکەن لەو ڕەخنە و ڕەخنەکاریەدا، بەڵکە باسی دابوو نەریت و فەرهەنگی دواکەوتووی کۆمەڵگە ئەکەن بە دژی ژنان.

"سەوسەن" لە" پەیام" ژمارە-15- 15ی May 99 ئەڵێت (ژنان وەختێک لە کوردستان لە کۆمەڵگایەکدا چاو ئەکەنەوە، کە تیایدا نەک هەر دەسەڵات و قانوون و یاسایەک نییە حورمەتی ئینسانیان نپارێزێت و مافە سەرەتایی و فەردیەکانیان لە ئازادی جل و بەرگ پۆشین و کارکردن و سەفەر و هەڵبژاردنی هاوسەرەوە تا جیابونەوە و میرات و بەڕەسمی بەسەر کۆمەڵگادا بەڕێوەبەرێت، بەڵکو بە ئاشکرا تیرۆر دەکرێن و بە بەر چاوی کۆمەڵگەوە و لەسەر جادەکان و بە دەستی برا و باوک و مێرد و ئازیزانی خۆیان دەکوژرێن و جەستەیان ئەتک

دەكرێت و زۆر جاریش ناچار دەكرێن بە خۆ كوشتن و بەم جۆرەش خێزان بۆیان دەبێتە زیندانێكی بچوكی نێو زیندانێكی گەورە و وەختێكیش دێنە ئەوروپا لانی كەم دەبینن دەوڵەتێک هەیە نەک هەر بەشێک لە مافەكانی ژنان دەبات بە ڕێوە، بەڵكوو ژن لە كۆمەڵگادا شایەنی ڕێزلێنان و كەسایەتی سەربەخۆی خۆیەتی، بۆیە بۆ گەڕانەوی حیسیەت و كەسایەتی ئازادانە و ئینسانی خۆیان ڕێگای جیابونەوە وەكو هەنگاوێک دەگرنە بەر.

كەواتە ئەم بەشە لە قساكانی سەوسەن سەلماندی كە باستان لە مەسەلەی ژن كوشتن بووە لەسەر شەرەف و كلتوور و فەرهەنگ نەک لەسەر مەسەلەی مخابەراتی كردنی ژانان، !! هەروەها ڤینۆس زۆر ئازایانە دەست خۆشانەی لە ژن كوژان كردوە و خۆی و" سەوسەن" و هەزارانی تری كردوە بە نموونە كە لایان نەداوە لەو داب و نەریتە بۆیە نەكوژراون!!!

هەروەها هەر لە پەیوەند بەم دەست خۆشانەیەی " ڤینۆس" (مێلح شێخ ئیسلامی- ڕێبوار – لە پەیام -ژمارە-17- September- 99) ڕەخنەی لە ڤینۆس گرتوە و لە ژێر ناونیشانێكی سەرنج ڕاكێشدا نووسیویەتی (دەستخۆشانە لە ژن – كوژان؟؟) ڤینۆس شوڵی لێ هەڵكێشاوە! نوسیویەتی و ئەڵێت ((دەست خۆشانە لە چەقۆكێشانی ژن- كوژ لە كوردستان؟! ژنێكی خەریجی كۆلیژی ئاداب بیت و لە ڕۆژنامەیەكی بە نێوبانگدا بنووسیت: ئەو" ژنانە ئەو چارەنووسەیان پێ ڕەوا دەبینرا دەنا من و تۆو هەزارانی تر بۆ نەكوژراین"!!؟ باوەڕ ناكەن؟ سەرێک بكێشنە ڕۆژنامەی " پەیام " ی ژما16" با بە چاوی خۆتان ببیبنن. بەڵێ، بە قەڵەمی " ڤینۆس فایەق" هۆڵەندا، ئەم دەستخۆشانەیە لە ژنكوژانی كوردستان، بە ڕەش لەسەر سپی، نووسراوە!! ئەوجا، فەرقی ئەم قەڵەمە و ڕیش و مێزەرو شمشێری تاڵەبانەكان چییە؟؟؟.... .... .... .... .... .... .... .... .... .... هتد.

ئەم جارەش ئەیلێمەوە كە ئەو كات لە پاڵتاڵک خۆت دەرباز كرد بەوەی كە گوایا باست لە ژنانێک كردوە كە مخابەراتیان كردوە، بەڵام ئێستا نەک هەر من بەڵكە بەڵگەكانیش لەبەر چاوی خۆت و خوێنەرانە و دەلیلی ئەوەن كە باستان لە ژنانێک كردوە كە لەسەر شەرەف و ناموس ئەكوژرێن بە دەستی باوک و برا ومێرد... ، ئێستا پرسیاری من ئەوەیە كە ئایا ئێستاش هەر دەستخۆشانە ئەكەیت لە ژن كوژان لەسەر مەسەلەی شەرەف و ناموس و داب و نەریت؟ یان بە شەوەیەكی تر بڵێم ئێستا هەڵوێستت چۆنە لەسەر ئە و ژنانەی كە بە دەستی باوک و برا و مێرد وە كۆمەڵگە ئەكوژرێن لەسەر مەسەلەی خۆشەویستی و دڵداری و ئەو شەرەف و ناموسە، وە یان هەر ئەوەی كە خۆت ئەڵێیت ژنی كورد منوونەیی بێت سەری پیاو و كۆمەڵگەی كوردی پێ بەرز ئەبێتەوە لە ئەوروپا؟؟!!

لە كۆتاییدا ئەڵێم سەییر ئەوەیە كە" ڤینۆس" لە نوسین و وەڵام بەڕەخنەكەی " سەوسەن سەلیم"دا هەندێ جار دانی ناوە بە واقعیاتەكانی كوردستاندا كە ئەڵێت: (چەند ژنی كورد مافی خوراوە و ژنی ئەوروپی هەموو مافەكانی دەست كەوتوە، چەند ژن لێرە سەربەستی ڕادەربڕینی هەیە و لای خۆمان ژن سەركوتكراوە،

ڕێبوار لەم بارەیەو ووتویەتی (ڕەنگە ڤینۆس ئەمانە بزانێت و بە دەستی قەسد بۆ هێشتنەوەی ژنان لە كۆت و بەندەدا هەوڵ بدات!؟ ئەوە نیە دەست خۆشانە لە ژنكوژەكان ئەكات؟! و ئەڵێت ئەو ژنانە ئەو چارەنوسەیان پێ ڕەوا دەبینرا دەنا بۆ ئەو و" سەوسەن" و هەزارانی تر نەكوژران؟! ئەو بۆ بكوژن كە دەستخۆشانەیان لێ بكات؟! " سەوسەن "یش دیارە لە بزوتنەوەیەكدا بووە كە چەقۆكێشانی ژن كوژ پێیان نەوێراوە. بۆ هەزارەكەی تریش، بابزانین ئەم كێشەیە بە كام باردا دەبڕێتەوە. ئەگەر دەسەڵات بە چەقۆكێشەكان بێت، بە ناونیشانی ئێران و ئەفغانستان، كار لە كوشتنی هەزارانیش تێپەڕ ئەكات!

پێویستە " ڤینۆس" تەكلیفی خۆی ڕۆشن بكاتەوە. دەكرێت ژنێک بەقەد "مارگرێت تاریشە ر" خوێندەوار بێت و دوژمنی سوێند خواردووی مافی ژنانیش بێت!" ڤینۆس" یش مادام لەسەر دژایاتی مافی ژنان بڕوات، یان لە خزمەتی سییاسەتی خاتوو تاتشەردایە و دۆستی تاڵەبانەكانە و دوژمنێكی بە ئاگای ئازادی و بەرابەری و مافی ژنانە، یان ئەگەر نائاگایە، دیارە كۆلێژی ئادابی بە فیڕۆ داوەو لەو دوو كتێبەش لەسەر ئازادی خوێندوییەتیەوە تێ نەگەشتووە.